زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین ٥٢ | ژ-مۆڵەت-١

# ئەحکام و ئادابەکانی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان

ڕمضان کریم

ئامادەکردنی

م. هەڵگۆرد مصطفی گەڵاڵەیی




چاپی دووەم

پەرتوکخانەی دێرین / سۆران

# پێشەکی

**الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم ، أما بعد:**

خوێنەری بەڕێز ئەوە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بەرەو پیرمانەوە دێت ، ئێمەش دەبێت بە خۆشحاڵی و دڵێکی پڕ ئیمانەوە پێشوازی لێبکەین ، چونکە ئەم مانگە پیرۆزە مانگی ڕەحمەت و لێخۆش بوونی خوای گەورەیە بۆ بەندەکانی ، بەڵام ئەم ڕەحمەت و لێخۆش بوونە بۆ ئەو کەسانەیە کە هەڵدەستن بە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە بە بەڕۆژووبوون و باقی عیبادەتەکانی تر لە نوێژو زەکات و کردەوە چاکەکان .

بە پێویستم زانی هەڵبستم بە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بابەتێك کە باس لە ئەحکام و ئادابەکانی بەڕۆژوو بوون بکات لە سونەت و واجبات و هەڵوەشێنەرەوەکانی ، بۆ ئەوەی موسوڵمانان بە چاوڕۆشەنی و بەشێوەیەکی زانستی پێشوازی لەم مانگە پیرۆزە بکەن و تووشی هەڵە و تاوان نەبن تیایدا .

## ( ئەحکامەکانی بەڕۆژووبوون )

### ڕوکنەکانی ڕۆژوو

ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان پێك هاتووە لە دوو روکن ، هەر کەسێك ئەم دوو ڕوکنەی لە ڕۆژیەکەی دا نەبێت ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵە و دروست نیە ، ئەم دوو ڕوکنەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١.نیەت هێنان بە دڵ لەگشت شەوەکانی مانگی ڕەمەزان : مەبەست لەم ڕۆژووگرتنە دا دەبێت تەنها ڕەزامەندی خوای گەورە بێت ، مەبەست ڕیاو سومعە نەبێت .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (مَنْ لَمْ يُجْمِعِ الصِّيَامَ قَبْلَ الْفَجْرِ فَلا صِيَامَ لَهُ) صحيح أبي داود : ٢١١٨.

واتە: هەر کەسێك نیەتی ئامادە نەکات بۆ بە ڕۆژوو بوون پێش بانگی بەیانی ، ئەو کەسە ڕۆژووی بۆ نیە.

شێخ ابن عثيمين (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: هەندێك لەزانایان دەڵێن هەر کەسێك لەیەکەم شەوی مانگی ڕەمەزان نیەتی هێنا ئەم نیەتەی کیفایەتە بۆ گشت ڕۆژووەکانی تر بە مەرجێك لە دوای یەکتریان بگرێت و هیچ شتێك نەبێتە هۆکاری پچڕانی ڕۆژوەکەی ، بەڵام ئەگەر ڕۆژێکیان بەهۆی عوزرێکەوە پچڕا ، کاتێك دەست بەبەڕۆژووبوون دەکاتەوە دەبێت دووبارە نیەتەکەی بهێنێتەوە . كتاب الصيام وكتاب الاعتكاف: ٨.

٢.خۆگرتنەوە لەخواردن وخواردنەوە : واتە وازهێنان لەگشت جۆرەخواردن و خواردنەوەیەك لە دوای بانگی بەیانی تا خۆر ئاوابوون . الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز: ٢٣٦ .

## (هەڵوەشێنەرەوەکانی ڕۆژوو)

١-٢ خواردن و خواردنەوە بە عەمدی : هەر کەسێك بەبێ لە بیر چوون و بە ئارەزووی خۆی شتێك بخوات یان بخواتەوە ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێت و دەبێت دوای ڕەمەزان بیگرێتەوە ، بەڵام ئەگەر کەسێك بە لەبیر چوون ، یان بە هەڵە ، یان بە ئیکراه شتێکی خوارد یان خواردەوە ڕۆژووەکەی دروستە و گێڕانەوەو کەفارەتی بۆ نیە .الفقه الميسر وأدلته : ١٩٩ .

٣- خۆ ڕشاندنەوە بە عەمدی : پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (مَنْ ذَرَعَهُ الْقَيْءُ وهو صائمٌ فَلَيْسَ عَلَيْهِ قَضَاء ، وَمَنْ اسْتَقَاءَ فَلْيقْضِ ) صحيح الجامع: ٦٢٤٣.

واتە : هەر کەسێك ڕشانەوەی هات بەبێ ویستی خۆی لەکاتێکدا کەبەڕۆژووبوو ڕۆژووەکەی دروستەو گێڕانەوەی ئەم ڕۆژووەی لەسەرنیە ، وە هەر کەسێك خۆی ڕشاندەوە بە ویستی خۆی (ئەم کەسە ڕۆژووەکەی شکاوەو) با بیگرێتەوە .

٤-٥ توشبوونی ئافرەت بە خوێنی (حەیز و نیفاس): هەر ئافرەتێك لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزاندا توشی هەر یەك لەم دوو جۆرە خوێنە بێت ئەوا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێت ، ئەم جۆرە ئافرەتانە لەم کاتانەدا دەبێت ڕۆژوەکەیان بشکێنن و دوای ڕەمەزان بیگرنەوە .

٦- جووت بوون : هەر ژن و مێردێك لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزاندا بچنە لای یەکتری و جووت بن ، ئەوا ڕۆژووی هەردوکیان بەتاڵ دەبێتەوەو دەبێت دوای ڕەمەزان ڕۆژووەکەیان بگرنەوە ،

وە دەبێت پیاوەکە کەفارەت بدات ، کە بریتیە لە (ئازاد کردنی کۆیلەیەکی باوەڕدار) ، ئەگەر تواناى نەبوو یان دەستی نەکەوت ، ئەوا دەبێت (دوو مانگ بەبێ پچڕان)بەڕۆژوو بێت ، وە ئەگەر تواناى بەڕۆژوو بوونی نەبوو ئەوا دەبێت (شەست فەقیر تێر بکات) .

٧- دەرخستنی ئاوی مەنی بە دەست یان بەغەیری دەست لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزان :

هەندێك لە زانایان دەڵێن ئەم کردارە ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە، وە دەبێت دواى ڕەمەزان ڕۆژووەکە بگێردرێتەوە بەڵام کەفارەتی بۆ نیە . مجموع فتاوى ابن باز : ٢٦٧/١٥ .

بەڵام هەندێك لە زانایانی تر دەڵێن ڕۆژوو بەم کردارە نادروست و حەرامە هەڵناوەشێتەوەو وە گێڕانەوەو کەفارەتیشی بۆ نیە . تمام المنة (٤١٨/ ٤٢٠) وسبل السلام (٢/٢٢٦).

## (حوکمی ڕۆژووی ئافرەتی حامیلە و شیردەر)

ئەو ئافرەتانەی حەملیان هەیە یان شیر دەدەنە منداڵەکانیان ئەگەر هاتوو ڕۆژووگرتن مەترسی و زیانی هەبوو بۆیان ، یان بۆ منداڵەکانیان ، ئەوە بۆیان دروستە بە ڕۆژوو نەبن ، بەڵام ئەگەر مەترسی نەبوو بۆ خۆیان و منداڵیان ئەوە واجبە لەسەریان بە ڕۆژوو بن .

جا هەر کاتێك بەهۆی مەترسی گیانی خۆیان یان منداڵیان ڕۆژیەکەیان شکاند ، دەتوانن تەنها فیدیە بدەن و نەیگرنەوە ، بەبەڵگەی ئەم فەرموودە سەحیحانە ، عبداللە ی کوڕی عباس (ڕەزای خواى گەورەی لێبێ) ، فەرموویەتی : (إذا خافتِ الحاملُ على نفسها ، والمرضعُ على ولدها في رمضان قال: يُفطرانِ ، ويُطعمانِ مكانَ كُلِّ يوم مسكيناً ، ولا يقضيانِ صوماً) . صحيح على شرط مسلم ، (الارواء): ١٩/٤.

واتە: هەر کاتێك ئافرەتی حامیلە ترسا لە نەفسی خۆی ، وە ئافرەتی شیردەر ترسا لە منداڵەکەی لە مانگی ڕەمەزاندا ، ئەوە ڕۆژووەکەیان دەشکێنن ، وە خواردن دەدەن بە فەقیر لە جیاتی گشت ڕۆژێکیان(واتە: بەرامبەر هەر ڕۆژێك دەبێت فەقیرێك تێر بکەن) وە گرتنەوەیان بۆ نیە .

وە عبداللە ی کوڕی عباس و عبداللە ی کوڕی عومەر فەرموویانە: (الحاملُ والمرضعُ تُفطرُ ولا تقضى) . صححه الألباني في إرواء الغليل : ٢٠/٤ .

واتە: ئافرەتی حامیلە و شیردەر ئەگەر مەترسیان هەبوو ڕۆژیان دەشکێنن و نایگرنەوە (تەنها دانی خواردنیان لەسەر) .

ـ وە چۆنیەتی فیدیە دانەکە دەبێت بەرامبەر هەر ڕۆژێك (یەك کیلۆ و نیو) برینج بدرێت بە فەقیران ، ئەگەر (٣٠) ڕۆژ بوو دەبێت (٤٥) کیلۆ برینج بکرێت بە فیدیە ، وەبرینجەکەش دەبێت لەو جۆرە بێت کە زۆرینەی خەڵك بەکاری دەهێنێت نابێت برینجێکی زۆر خراپ بێت .

## (ئەو شتانەی دروستە و حەڵاڵە بۆ کەسی بەڕۆژوو ئەنجامیان بدات)

١.ئاو بە خۆ داکردن بە مەبەستی فێنك کردنەوە : هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوی بەسەر سەری خۆیدا دەکرد لەوکاتەی بەڕۆژوو بوو بەهۆی تێنووەتی یان گەرما . صحيح سنن أبي داود : ٢٠٧٢.

٢.ئاو لە دەم و لووت وەرکردن : بەڵام بەبێ زیادەڕەوی و هەڵمژینی تووند دەبێت بە شێوەیەکی وا بێت ئاو نەچێتە خوارەوە .

٣.حیجامەکردن : هەندێك لە زانایان دەڵێن: حیجامەکردن لە کاتی بەڕۆژوو بوون دروستە ئەگەر نەبێتە مایەی زیان و لاوازی کەسەکە .

بە بەڵگەی ئەم فەرموودانە ، عبداللە ی کوڕی عباس (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) فەرموویەتی : (أنَّ النبيَّ ﷺ إحْتَجَمَ وهو صائمٌ) . أخرجه البخاري : ١٩٣٩.

واتە: پێغەمبەر ﷺ حیجامەی کرد لەکاتێکدا کە بەڕۆژوو بوو .

وە سەبارەت بە فەرموودەی: (أفطرَ الحاجمُ والمحجومُ) . الارواء : ٩٣١.

واتە: ئەو کەسەی حیجامە دەکات و ئەو کەسەی حیجامەی بۆ دەکرێت ڕۆژووی هەردوکیان دەشکێت ، شێخ البانی ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت ، دەڵێت: ئەم فەرموودەیە حوکمەکەی



مەنسوخە بەو فەرموودەیەی ئەبو سەعیدی خودری ڕیوایەتی کردووە و فەرموویەتی :

(أَرْخَصَ النبيُّ ﷺ في الحجامةِ للصائم) الإرواء : ٧٤/٤.

واتە: پێغەمبەر ﷺ ڕێگای داوە بە حیجامەکردن بۆ کەسی بەڕۆژوو ، هەندێك لە زانایان دەڵێن خوێن بەخشینیش بۆ کەسانی پێویست بەخوێن دروستە ئەگەر مەترسی لاوازی و زیان نەبێت بۆ خوێن بەخشەرەکە . الفقه الميسر وأدلته : ١٩٧.

٤.ماچ کردنی و خۆگەیاندنی پیاو بە خێزانەکەی بە مەرجێك بەسەر نەفس و شەهوەتەکەی زاڵبێت : عائشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ خێزانەکانی ماچ دەکرد و خۆی پێدەگەیاندن لە کاتێکدا کە بە ڕۆژوو بوو ، بەڵام پێغەمبەر ﷺ لەم کاتەدا زۆر خۆ گربوو .
أخرجه البخاري : ١٩٢٧ ، ومسلم : ١١٠٦.

٥. ئەگەر کەسێك بە شەو پێش بانگی بەیانی تووشی جەنابەت بوو پاشان نەی توانی بە پەلە سەری بشوات یەکسەر بانگی بەیانیدا بۆ ئەو کەسە دروستە دوای بانگی بەیانی سەری بشوات و ڕۆژووەکەی دروستە ، وە هەروەها ئەگەر کەسێك بە ڕۆژ لە خەویدا توشی جەنابەت بوو ڕۆژووەکەی دروستە ، بەڵام دەبێت بە پەلە غوسلی جەنابەت لەسەرخۆی دەربکات .

٦.بەکارهێنانی سیواك : دروستە بۆ کەسی بەڕۆژوو سیواك بەکار بهێنێت ، چونکە هیچ بەڵگەیەك نەهاتووە نەهی لە بەکارهێنانی سیواك بکات لەکاتی بەڕۆژوو بوون .

٧.تام کردنی خواردن ، بەڵام بە مەرجێك نەچێتە خوارەوە .

٨.بەکارهێنانی دەرزی ، تەنها دەرزی مغزی نەبێت ، چونکە هێز و توانا دەداتە مرۆڤ و شوێنی خواردن و خواردنەوە دەگرێتەوە .

٩.بەکار هێنانی معجونی ددان ، بە مەرجێك تامی نەچێتە خوارەوە ، بەڵام ئەگەر بەبێ ویستی خۆی چووە خوارەوە ئەوە هیچی لەسەر نیە ، وە هەروەها قەترەی گوێ و چاو ڕۆژوویان پێ ناشکێت ، چونکە کونی چاو و گوێ پەیوەندیان بە کونی خواردن و خواردنەوە نیە ، بەڵام قەترەی کە پوو( لووت ) شێخ ابن باز دەڵێت: دروست نیە چونکە پێغەمبەری خوا

ﷺ نەهی کردووە لە مبالەغە کردنی ئاو لەلووت وەرکردن لەکاتی بەڕۆژوو بوندا لەبەر مەترسی چوونە خوارەوەی . مجموع فتاوى ابن باز : ١٥/٢٦٠ .

١٠.بەکارهێنانی بۆنی خۆش : دروستە بەکار هێنانی بۆنی خۆش تەنها بۆنی بوخور نەبێت ، چونکە بوخوور قەبارەی هەیە و دەگات بە مەعیدە ، فتاوى الصيام / ٤٣ .

وە هەروەها بێگومان جگەرە کێشانیش ڕۆژوو دەشکێنێت چونکە دووکەڵی هەیە و قەبارە و چەندین ماددەی خراپ تێدایە و دەگات بە مەعیدە .

١١.بەکارهێنانی بەخاخ بۆ ئەو کەسانەی نەخۆشی ڕەبۆیان هەیە : ئەو کەسانەی نەخۆشی ڕەبۆیان هەیە بۆیان دروستە بەخاخ بەکاربهێنن چونکە بەخاخ هەواکەی دەفرێت و نامێنێت و قەبارەی نیە وەکو جگەرەو بوخور ، ناگات بە مەعیدە . فتاوى أركان الاسلام : ٤٧٥.

١٢.بەکارهێنانی حەبی مەنعی خوێنی حەیز : بەلاَم بە مەرجێك زیانی نەبێت بۆ ئافرەتەکە ، ئەگەر زیانی هەبوو بۆی دروست نیە . الفقه الميسر وأدلته : ١٩٧.

١٣. بەکارهێنانی کلی چاو : عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: (إكْتَحَلَ رسولُ اللهِ ﷺ وهو صائمٌ) صحيح سنن ابن ماجه : ١٣٦٩.

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ کلی لە چاو کرد لە کاتێکدا کە بە ڕۆژوو بوو .

١٤.خواردنەوەی تفی ناو دەم : چونکە مرۆڤ ناتوانێت هەموو دەمێك تفی دەمی فڕێ بداو دەمی ووشك بکات ، بەلاَم چڵم و بەڵغەم هەر کاتێك هاتە ناو دەم نابێت قووت بدرێت و دەبێت فڕە بدرێت . مجموع فتاوى ابن باز : ١٥/٣١٣.

١٥.بۆ ئافرەتان دروستە بەڕۆژوو بن ئەگەر شەوانی ڕەمەزان پێش بانگی بەیانی پاك بوونەوە لەخوێنی سووری مانگانە یان نیفاس ، دەبێت یەکسەر نیەتی ڕۆژوو بهێنن و بە ڕۆژوو بن ، وە دەبێت غوسل دەر بکەن بە پەلە ئەگەر بۆیان گونجا ، ئەگەرنا دروستە بۆیان دوای بانگی بەیانی بە پەلە غوسل دەربکەن و نوێژیان بکەن و وە ڕۆژووەکەیان بگەینە سەر.

# ( ئادابەکانی بە ڕۆژوو بوون )

**١. پارشێو کردن :** سونەت وایە موسوڵمانان پێش بانگی بەیانی پارشێو بکەن ، وە چەند درەنگ تر بێت خێرترە ، وە مرۆڤ بەردەوام بێت لە خواردن و خواردنەوەی تا ئەو کاتەی بانگ دەدرێت ، گوێ نەدرێت بەو بیدعەیەی لە زۆرێك لە مزگەوتەکان دەکرێت کە دەڵێن: (الإمساك) واتە: دەست بەرداری خواردن و خواردنەوە بن ، ئەم شتە بیدعەیە و ئەصل و ئەساسی نیە لەشەریعەتە پاك وتەواوەکەی ئیسلام ، با بانگ بێژ بۆ خۆی هەر بڵێت (الإمساك) تۆ گوێی پێ مەدە و لە خواردن و خواردنەوەت بەردەوامبە تائەو کاتەی بانگ دەدرێت .

**٢. پەلەکردن لەڕۆژوو شکاندن لەدوای خۆرئاوابوون و بانگ :** سونەت وایە لە دوای خۆرئاوا بوون و بانگی مەغریب پەلە بکرێت لە ڕۆژوو شکاندن ، خێرو سونەت لەمەدایە .

**٣. دوعا کردن لەکاتی ڕۆژوو شکاندن:** سونەت وایە لەکاتی ڕۆژوو شکاندن ئەم دوعایە بکرێت: (ذَهَبَ الظَّمَأُ وَابْتَلَّتِ العروقُ ، وثَبَتَ الأَجْرُ إن شاءالله) صحيح سنن أبي داود : ٢٠٦٦.

واتە: تێنوویەتی ڕۆیشت ، وەدەمارەکان تەڕبوون لە دوای ووشك بوونیان ، وە (إن شاءالله) ئەجر و پاداشت دەست کەوت لە لای خوای پەروەردگار .

**٤. پاراستنی زمان لە** غەیبەت کردن و قسە هێنان و بردن و جنێودان و بوهتان کردن .

**٥. قورئان** خوێندن و **سەدەقە** کردن .

**٦. تەراویح کردن و عیبادەت کردن بەشەو :** بە تایبەتی لە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان بۆ دەست کەوتنی ئەجرو پاداشتی (ليلة القدر) .

**٧. شکاندنی ڕۆژوو بە قەسپ یان خورما یان ئاو :** سوننەت وایە لە دوای بانگی مەغریب بە چەند دەنکە قەسپێك یان خورما ڕۆژوو بشکێندرێت ، ئەگەر نا بە ئاو .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

١١ی شعبان ١٤٣٥هـ — سۆران — ٩/٦/٢٠١٤م

لە بڵاوکراوەکانی پەرتوکخانەی دێرین لە سۆران - ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠

